# پێداویستییەکانی پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان لە ڕوانگەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە (مامۆستا).

م. د.مریم محمد ڕوستم

Mryam.rostam@univsul.edu.iq

مامۆستا –زانکۆیی سلێمانی –کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی –بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٣/٢ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە٢٠٢٥/٤/١٥

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە "**زانینی پێداویستییەکانی پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان لە ڕوانگەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە(مامۆستا).** " ڕێبازی بەکارهاتوو لەجۆری وەصفی، پێداویستیەکانی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ژمارەیان(٣٠٩)مامۆستایە لە مامۆستایانی هەردوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا ،لەناوەندی پارێزگای سلێمانی نموونەی توێژینەوەکەی پێکهاتووە لە(٤٠)مامۆستا بەشێوەیەکی هەرەمەکی سادە هەڵبژێردران کە (٢٠) مامۆستا لەبەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و(٢٠)مامۆستالە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆأئاوا لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ دیاریکردوە. توێژەر ئامرازی توێژینەوەکەی ئامادەکرد بە پشت بەستن بەخوێندنەوەو سەرچاوەکانی پێشوو،لە جۆری ڕاپرسی کراوە ئەویش پێکهاتبوو لە چوار تەوەری سەرەکی وەک تەوەری(ناوەڕۆکی زانستی ،ئامرازەفێرکارییەکان،ژینگەی پۆل،هەڵسەنگاندن) ، کە ژمارەی برگەکانیش پێکهاتبوولە( 35 ) برگە .بۆ دڵنیابوون لەڕاستی ئامرازەکە خستەبەردەستی ژمارەیەک پسپۆڕی شارەزاکە ژمارەیان (٧)کەسە لەبواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە،پسپۆڕی،هەڵسەنگاندن)دوای گەڕانەوەو کۆکردنەوەی وەڵامەکان ئامرازەکە بەڕێژەی (٧٨٪) پەسەندکرا،جێگیری ئامرازەکەی دۆزرایەوە بەشێوازی دووبارە تاقیکردنەوە لەهەفتەی یەکەم جێ بەجێکراوە پاشان دووبارە هەفتەی دووەم ئەنجامدرا ,ئەنجامەکەی دۆزرایەوە بەپێی هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن بەڕێژەی (٨٠٪)دۆزرایەوە، بۆیە دەستیکرد بەجێ بەجێکردنی توێژینەوەکە ،بۆساڵی خوێندنی(٢٠٢٣–2024) ز، دوای کۆتایی هاتنی ئەزموونی توێژینەوەکە هاوکێشەی ئاماری بەکارهێنراوە،وەک هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن ،ناوەندی شیاوی ،کێشی سەدی بەکارهێناوە،توێژینەوەکە بەکۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیارکۆتایی هاتووە.

**متطلبات تطوير منهج للقضايا الاجتماعية للمرحلة الابتدائية من منظور أعضاء هيئة التدريس (المعلمين)**

الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو "**معرفة احتياجات تطوير مناهج القضايا الاجتماعية في المدارس الابتدائية من وجهة نظر أعضاء هيئة التدريس (المعلمين)**". وجدت الطريقة المستخدمة في النوع الوصفي واحتياجات البحث نفسها في مجتمع البحث المكون من (٣٠٩) معلمين من مديريتي التربية الشرقية والغربية في مركز محافظة السليمانية. تم اختيار أربعين معلما عن طريق العشوائية البسيطة ، مع (٢٠) معلما من إدارة التعليم الشرقية و (٢٠) معلما من إدارة التعليم الغربية من الذكور والإناث.

قام الباحث بإعداد أداة البحث بناء على قراءات ومراجع سابقة. وتألفت من أربعة محاور رئيسية مثل المحتوى العلمي وأدوات التدريس والبيئة الصفية والتقويم، وأصبح عدد العناصر (٣٥) مادة. وللتأكد من صحة الأداة تم تقديمها لعدد من الخبراء منهم (٧) خبراء في مجال طرق التدريس والتخصص والتقويم. بعد العودة وجمع الإجابات تم اعتماد الأداة بنسبة (٧٨٪).

تم العثور على استقرار الأداة من خلال طريقة إعادة التجريب في الأسبوع الأول ثم مرة أخرى في الأسبوع الثاني، تم العثور على النتائج وفقا لمعامل ارتباط بيرسون بنسبة (٨٠٪)، لذلك بدأ تنفيذ البحث، للعام الدراسي (٢٠٢٣-٢٠٢٤م) بعد انتهاء التجربة البحثية تم استخدام المعادلة الإحصائية، مثل معامل ارتباط بيرسون، ومتوسط الاحتمالات، والنسبة المئوية للوزن، وانتهى البحث بمجموعة من التوصيات والاقتراحات.

**بەشی یەکەم:**

**ناساندنی توێژینەوەکە:**

**1.١.کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەکانی پرۆگرامەکانی فێرکردن جۆراو جۆرن ،لە بابەت و ئامرازەکانی فێرکردن و،ژینگەی فێربوون پرۆسەی هەڵسەنگاندن. لەناویشیاندا پێداویستیەکانی پەرتووکی خوێندن و ئامادەکردن و دارشتن و ئامانجەکان و بەکارهێنانی ئامرازەکانی لەلایەن گونجاوی ژینگەی پۆل و پێویستن بۆقوتابیان بگەنە ڕاستیەکان وتێگەیشتن وزانست وپەروەردەکردنیان بە خێراتیرن کات وکەمترین تێکۆشان،پرۆگرامەکانی خوێندنی بابەتی جوگرافیا

دەناسرێن بەوەی زانیاری یان چەمک یان بنەما ویاسای گشتی دەگرێتەوە  مامۆستا دەی لێتەوە بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی وشارەزایی وڕاستیەکان وچاکسازی لە بەکارهینانی نەخشە، وێنە،تەکنەلۆجیای نویّ لەژینگەی پۆل دا.(القانی،٢٠٠٢:لا ٩٨).مامۆستاو پرۆگرام وقوتابیان سێگۆشەی پرۆسەی فێرکاری فێربوون ،کە پرۆگرام پەیوەندییەکی دوولایەنە لەنێوان ئەودوولایەنە پێکدەهێنێت،کەسەرچاوەی پێگەیاندنی دەرچووانی قوتابخانەیە کە بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێکدەهێنن،بەمەش پشت بەدابینکردنی پێداویستیەکانی پرۆگرامێکی گونجاودەبەستێت کەبەردەوام لە نویّ بوونەوەدا بێت دووربێت لەشێوازی تقلیدی و دووبارەی کەپێویستی بە بەدواداچونی بەردەوام هەیە لەناوەندە ئەکادیمیەکاندا.کە گرنگترین ئامرازی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی ورۆشنبیری قوتابیانە بەدەست دەهێنرێت.(کۆچک ٢٠٠٤:لا٢٠٤)،بۆیە بابەتەکۆمەڵاییەتیەکان بەگشتی وپرۆگرامی جوگرافیا بەتایبەتی بەردەوام پێویستی بە دابینکردنی ئامرازوتەکنەلۆجیایی زانیاری وژینگەی گونجاوە کەبابەتێکی دوولایەنەیە سروشتی ومرۆیی تاکوقوتابیان لەژینگەی کۆمەڵایەتی دا کارلێک بکەن فێرکردنێکی گونجاو داهێنەرانە یان هەبێت.(سعادە،٢٠١٤:لا٤٣٦).کە ئەوهۆکارانەی سوود بەقوتابیان بگەیەن پێویستە چارەسەری ناوەرۆکی پرۆگرامەکەبەشێوەیەک دارێژراوبێت کە بگونجێت لەگەڵ رەوتی رووداوەخێراکان وگۆڕانکارییەکانی سەردەم وهەوڵی ڕاستکردنەوەی کەم وکورتیەکانی پرۆگرام چارەسەربکرێت زانست وزانیارییە نوێیەکان وەربگرێتە نێوپرۆگرامەکانی خوێندن کە بگونجێت لەگەڵ ئاستی زانستی قوتابیان وژینگەی فێرکردن دا لە دارشتنی ئامانجەرەفتارییەکان وچالاکی فێرکاری وهەڵسەنگاندن وئامرازەکانی وانەوتنەوە بەشێوەیەکی گونجاودیاری نەکراوە کە بگونجێت لەگەڵ ناوەرۆ ک وئاستی زانستی قوتابیان دا(قەرەداغی،٢٠٠٥: لا٢٠٨).

هەروەک ئەنجامدانی چەندین توێژینەوە ئاماژەبە بە ئاستی لاوازی پرۆگرامەکان دەکەن وەک (الرزاق وکلیب،٢٠١٧)،کەگرنگی نەدراوە بەناوەرۆکی پرۆگرامەکان لەرووی زانستی وتەکنەلۆجیاو پێداویستیەکانی فێرکردن یاخوتێکەڵاوی بابەتەکەکان ئاستی تێگەیشتینی قوتابیان لاوازدەکات جگە لە دابینەکردنی ژینگەی نەگونجاوی فێرکردن. (الرزاق وکلیب،٢٠١٧:٢٣)

هەمووئەمانە پێکەوە ئەو ڕاستیە دەچەسپێنن کە پێویستە گرنگی بەبەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری پەرتووکی خوێندن وگونجاندنی و گەشەی کارامەییەکان وئاستی زاستی و بەکارهێنانی ئامرازە جۆراو جۆرەکانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بدرێت تاکو بناغەیەکی مەعریفی دابمەزێت لە تەنهاو تەنها لە پێناوقوتابی دایە،باری

پەروەردەیمان ئێستا پاشماوەی سالآنی پێشووە ئەوسیستمانەی تێداماوەو ئێستا پەیڕەو دەکرێت هێشتا سیستەمێکی دیموکراتی لە خوێندنگەکان پەیرەو ناکرێت قوتابیان زۆربەی جار پێچەوانەی ئارەزوو ئاواتەکانیان دەخوێنن و پاڵنەری تەواویان بۆ فێربوون نییە چ لە ژینگەی خویندنگەبیت یان ژینگەی خێزان وجۆرێک لە ساردیان لە خوێندن پێوە دیارە.

سەبارەت بەوکۆنفرانس وکۆنگرانەی کە لە بواری پەروەردەدا ئەنجامدراوە کۆنفرانسی سێیەمی پەروەردەیکەلە ساڵی (٢٠٠١)دا لەبڕگەی(٣)کۆنگرەکەدا جەختکرا لەسەر دابین نەکردنی کتێبی خوێندن کەبەشێوەیەک ناوەڕۆکێکی زانستی هەبێت کە بگونجێت لەگەڵ ئاستی زانستی قوتابیان پێشکەوتوو، وەبێ ئاگابوون لە پێشکەوتنی نوێ وانەوتنەوە پەرەپێ بدات.(وەزارەتی پەروەردە،٧٨،٢٠٠١).

بۆیەتوێژەر لەئەنجامی نەبوونی توێژینەوەی یەکی زانستی بۆدابینکردنی پێداویستیەکانی پەرتووکی بابەتەکۆمەلآیەتیەکان ئەم پرسیارەی لادروست بووە.

زانینی پێداویستییەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەلآیەتییەکانی قوتابخانە بنەرەتیەکان لە ڕوانگەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە(مامۆستا) لەچ ئاستێکدایە.؟

**٢.١.ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە بەم شێوەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١-زانینی پێداویستییەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەلآیەتییەکانی قوتابخانە بنەرەتیەکان لە ڕوانگەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە(مامۆستا)سەبارەت بەناوەڕۆکی پرۆگرام.؟

٢-زانینی پێداویستییەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەلآیەتییەکانی قوتابخانە بنەرەتیەکان لە ڕوانگەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە(مامۆستا)سەبارەت ئامڕازەفێرکارییەکان.؟

٣-زانینی پێداویستییەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەلآیەتییەکانی قوتابخانە بنەرەتیەکان لە ڕوانگەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە(مامۆستا)سەبارەت بەژینگەی پۆل. ؟

٤-زانینی پێداویستییەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەلآیەتییەکانی قوتابخانە بنەرەتیەکان لە ڕوانگەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە(مامۆستا)سەبارەت بەهەڵسەنگاندن. ؟

**1.٣.گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

1-دەبێتە بەرچاو ڕوونیەک بۆوەزارەتی پەروەردەو لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بەکێشەکانی ناوەڕۆکی زانستی پەرتووکەکە دیاریکردنی پێداویستیەکانی ناوەڕۆکی زانستی.

2-دەکرێت ببێتەسەرچاوەیەکی بەسوود بۆدەوڵەمەندکردنی پەرتووکخانەکان کەبەزمانی کوردییە.

3-سوودی دەبێت بۆمامۆستایان وقوتابیانی پۆلی حەوتەم کە ئامادەکراوە.

**1.٤. سنوری توێژینەوەکە:**

1-مرۆیی : مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی، جوگرافیای پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە هەردووبەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا.

2-کات: ساڵی خوێندنی (202٣-202٤)ز.

3-شوێن:شوێنی جوگرافی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی هەردووبەڕێوبەرایەتی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا لەناوەندی پارێزگای سلێمانی.

4-بابەت: کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بەشی جوگرافیا پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی.

**1.٥.پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

١ .٥.١.**پرۆگرام**.( الوكيل،امين،٢٠١١)پێیان وایەبریتیەلە کۆی ئەو ئەزموونە پەروەردەییانەی کە لە ناوەوە یان دەرەوەی قوتابخانە بۆ قوتابیان ئامادەی دەکات بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات لە گەشەکردنی تەواوی قوتابیان .(الوكيل،امين،٢٠١١:ل١٩).

پێناسەی (الشوش،٢٠١٧)دەڵێت بریتییە لە پلانێکی خوێندن لەکۆمەڵێک لە بابەتەکانی خوێندن نیشان دەدرێت بەپێی وەرزەکان وکۆرسەکان دەخوێندرێت لەماوەی ساڵەکەدا. (الشوش،٢٠١٧:ل٢٣)

**پێناسەیی تیۆری پرۆگرام :** :بریتیەلەکۆمەڵێک لە زانیاری،چەمکەکان،بنەما،یاساکان،دابینکردنی ناوەڕۆکو،ئامانجەکان،ئامرازو،چالاکی،ژینگەی فێرکاری لەناوەندەکان بەپێی وەرزەکان دەخوێندرێت.

**پێناسەیی ڕێکاری پرۆگرام** :هەمووزانیاریی وبابەت ویەکەکانی جوگرافیا دەگرێتەوە کە لەپۆلی حەوتەمی بنەڕەتی دەخوێنرێت.

**٢.٥.١. قوتابخانە بنەڕەتی:**

پێناسەی(جبر وسر، ٢٠١٣)دەڵێن ئەو شوێنەیە کە هەموو تەمەنە جیاوازەکان تێدا کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی فێربکرێت بە زانیاری جۆراوجۆر، بەپێی دامەزراوە فێرکارییەکە، ئەو دامەزراوە یەکەتێیدا پێکهاتووە لە (مامۆستا،کارگێری ،فەرمانبەر ،فێرخواز،خێزانی فێرخواز چەند جۆرێکیان هەیەوەک (باخچەی ساوایان، قوتابخانە ،پەیمانگا،زانکۆ). (جبرو سر،٢٠١٣،لا٥٦)

ئاماژەکردنی (قادر،٢٠١٦)بە قوتابخانە کە دامەزراوەیەکی فێرکارییەبۆ دیاریکردنی ئاستی شیاویی و گونجاوی ژینگەی قوتابخانە یە،لەڕووی پێکهاتەی بیناو ژوورەکانی پۆل و هۆڵی تاقیگەو کەل وپەل و هۆکارو ئامرازوو تەکنەلۆژیای فێرکاریە،لەگەڵ مامۆستایان و خوێندکاران لە بواری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دا. (قادر،2016،لا61)

**پێناسەیی تیۆری قوتابخانە ی بنەڕەتی :** توێژەر پشت بەپێناسەی (قادر،٢٠١٦)دەبەستیت کە قوتابخانەی بنەڕەتی دامەزراوەیەکی فێرکارییە تەواوی پێکهاتەوپێداویستیەکانی فێرکردن وفێربوون لەخۆدەگریت.

**پێناسەی ڕێکاری قوتابخانە بنەڕەتی:** بریتییە لەو دامەزراوەیەی کەدووبەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای فێرکردن بنیات نراوەوە بابەتەکانی ئەکادیمی جوگرافیای تێدادەوترێتەوە، بۆپۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بەپێی ئاست وقۆناغی قوتابیانی ڕەگەزی نێرومێ .

**١.٥.٣.مامۆستا:**

بەلام ( محمد،٢٠١١) دەڵێت پایەکە لە پایە گرنگەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە پێویستە لەزۆر لایەنەوە مامۆستا خاوەنی کەسایەتییەکی تەواوبێ زانایانی بواری پەروەردە ئاماژە بە زۆرێک لەو لایەنانە دەکەن پێویستە

لە کەسایەتی مامۆستا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی و بە بێ کێشە سەرکەوتن لە پیشەکەیدا بەدەست بهێنێت. ( محمد،٢٠١١:لا ١١)

ئاماژەکردنی(الصانع،2013)بە مامۆستا کەسایەتیەکی ڕێنمای کارو ئاراستەکارە بۆ هاوکاریکردنی قوتابیات ئامانجی پەروەردەو فێرکردنیانە، هەروەها بۆ پرچەک کردنیان بە زانست و زانیاریەکان لە بارەی چۆنێتی هەڵبژاردنی شێوازێکی گونجاوە و بۆ ژیان. (الصانع ،2013،لا11)

**پێناسەیی تیۆری مامۆستا** : کەسایەتیەکە کە هەڵگیری پلەیەکی زانست و زانیارییە کەبە دەستی هێناوە,فێرخواز پەروەردە دەکات بۆ بابەتی جوگرافیا لەخوێندنگە بنەڕەتیەکان دا.

**پێناسەی ڕێکاری مامۆستا :** کەسایەتیەکی ئامادەکراوە لە هەردووبەڕیوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا ، بۆ وتنەوەی وانەی جوگرافیا لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی پۆلی حەوتەمی بنەرەتی.

**بەشی دووەم:**

**١.٢. چوارچێوەی تیۆری**

**٠١٠١٠٢ چەمکی پرۆگرام**: پرۆسەی پرۆگرام پێکهاتووە لە پلاندانان،پەرەپێدان،جێ بەجێکردن، هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی پەروەردەی،ڕۆشنبیران هاوڕان لەسەر ئەوەی هەرکارێک بە ئامانجی ڕوون وئاشکرا دەست پێدەکات وبەبەرنامەوپرۆگرامی جیاوازە. چەمکی نوێ پرۆگرام پشتی بەستووە بە ڕاستیە زانستیەئەزموونیەکان لەمیتۆدەکانی جێ بەجێکردن وەرگیراوە لەوڵاتانی پێشکەوتوودا بەپلاندانان وتاقیکردنەوەو هەوڵدانە دانراوە،بۆ کەمکردنەوەی کەلێنی پەروەردەی بەردەوام پێویستی بە بەدواداچوون دیاریکردنی پێداویستیەکانی بەشێوەیەکی تۆکمەیی جێ بەجێکردنی لەژینگەیەکی فێرکاری دا.وەپەروەردەکردنی تاک بەشێوەیەک بتوانێت بەرپرسیارێتی لەئەستۆبگرێت متمانەی بەخۆی هەبێت خوێندن بەژیان وکۆمەڵگەوە ببەستێتەوە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی زانستی وبۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وکێشەکان وبڕیاردان لێی.(الوکیل،٢٠٠٥: لا٦٧ )

هەندێک لەشارەزایان پێیان وایە کە پێداویستیەکانی پرۆگرام بەردەوام لە گۆڕاندایە کاریگەری لەسەر چەمک وزانیاریە بنەڕەتیەکانە کەپێکهاتەکەی دەگرێتەوە دەبێتەهۆی گەشەکردنی پرۆگرام، کەپرۆگرامی خوێندن وەک سیستەمێکی ڕێکخراوەلە ناوەندە ئەکادیمییەکان دا جێ بەجێ دەکرێت.

**٢.١.٢. بنەماکانی دانانی پێداویستیەکانی پرۆگرام:** ئاماژەکردنی (خولی،٢٠١١)بە بنەما گرنگەکانی دانانی پێداویستی پرۆگرامی خوێندن ئەمانەی خوارەوەدەگرێتەوە:

1-بنەمای دانانی ئامانجەکان: جۆراوجۆرن بەپێی ئاست وقۆناغەکان دادەنرێت لەگشتەوەبۆبەش.

٢-ناوەڕۆکی پرۆگرام:دیاریکردنی ناوەڕۆ بەپێ زانیاری،چەمک،ڕێساویاساکان دیاری دەکرێت.

٣-ڕێگەوستراتیجی وانەوتنەوە:بەمەبەستی گەیاندنی ناوەڕۆکی پرۆگرام پێویستی بەشێوازوڕێگەی گونجاوەلەگەیاندنی بەبەتەکەدا.

٤-شێوازی گروپات:بۆجێ بەجێکردنی لەژینگەی پۆل دا تێگەیشتنی زیاترەبۆ قوتابیان.

٥-ژینگەی فێرکاری فێربوون:ژینگەیەکی شیاوسەرنج ڕاکێش بێت. (خولی،٢٠١١:ل٩٨)

**پێداویستیەکانی دابینکردنی پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان: جوگرافیا تایبەت بەم توێژینەوە:**

**یەکەم: ناوەڕۆکی زانستی(پرۆگرام):** دابیکردنی پێداویستیەکان وپێکهاتەکایی پروگرام وەک:

١-فەلسەفەی کۆمەڵگە،لەبەر ئەوەی جوگرافیا هەڵقوڵاویی کۆمەڵگەیە لەدیاردەی سروشتی ومرۆیی پێویستەلە فەلسەفەی کۆمەڵگەکەیەوە دابین بکرێت کەتوانای جێ بەجێکردنی هەبێت.

٢-دیاریکردنی ناوەڕۆکی زانستی جوگرافیا،کەپێکهاتووە لەبابەتی زانستی سەلمێنراوی دیاردەی جوگرافیاو دابەشبوونی دیاردەکان ویاساوچەمکەکان ولێهاتووییەکان وبیرۆکەکان لەژینگەدا.

٣-دیاریکردنی ئامانجەکانی جوگرافیا: بەگشتی وتایبەتی بە پێی سروشتی هەربابەت وتێگەیشتنی قوتابیان ،بەشێوەیەک بێت کە لەکۆمەڵگەوسروشتی بابەتەکەوە سەرچاوەی گرتبێت.

٤-سوود وەرگرتن لەئەزموونە جیهانیەکان:بۆپەرەپیدانی ناوەڕۆکی زانستی لەڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی وەک شیوازی ستراتیجی وبەهێزکردنی پاڵنەرو،هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی.

٣-ژینگەی فێرکاریی:کە شیاوسەرنج ڕاکێش بێت بۆخستنەڕووی بابەت ودیاردەکانی جوگرافیا.

٤-دەستنیشانکردنی ستراتیجی و ڕێگەوشێوازی وانەوتنەوەی نوێیە مۆدێرەکان ودورکەوتنەوە لەشێوازی تقلیدی،بەشێوەیەکی جۆراجۆر وئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆیان.

٥-بەدەستخستنی چالاکیەجۆراوجۆرەکانی ناوژینگەی پۆل یان قوتابخانە یاخود ئەنجامدانی گەشتی زانستی بەمەبەستی ئاشنابوونیان بە دیاردە جوگرافیاکانی دەوروبەریان بەشێوەی سەرنج ڕاکێش

**دووەم:ئامڕازە فێرکارییەکان:** بەگشتی بەکۆی ئەو ئامڕازوو هۆکارانە دەوترێت ،کەلە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن بەکاردەهێنرێن وپشتیان پێ دەبەسترێت،بە جۆرێک کاریگەری گەورە دەکەونە سەر زیادکردنی ئاستی فێربوون وئارەزووی فێربوون،هۆکارێکی کاران بۆ زووتر تێگەیشتن وبە دەستهێنانی ئامانجەتایبەتی وگشتیەکان،کاری مامۆستا لەگەڵ قسەکردن وڕاڤە کردنی بابەتەکانی وانە پشت بە ئامڕازی جۆراوجۆر دەبەستێت.(رسول،٢٠١٤،ل١٧٧) ،

-یارمەتیدەرە بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان وڕوونکردنەوەی بەشێوەیەکی ئاسان لەتێگەیشتندا.

-گەشەکردنی بەردەوامی بیرکردنەوە،وروژاندنی چالاکی جۆراوجۆرو دەست بەسەرئاگایاندابگرێت.

-ئاسانکاری پرۆسەی فێرکردنی مامۆستاو، لابەری بێزاری قوتابیان. (العامری،٢٠١١،ل٨٦-٩٠)

**ئامڕازەکانی فێرکردن لە بواری وانەوتنەوەدا دەردەکەوێت بۆبابەتی جوگرافیا لەم توێژینەوەیەدا:**

-**نەخشەیی جوگرافیا:**پێکهاتووە لە ئامڕازێکی زانستی لێهاتووەکانی (کلیلی نەخشە،هێڵەکان، ڕەنگەکان،هێماکان)کەچەند جۆرێکە وەک نەخشەی(ئابووری،سروشتی،بێ دەنگ ،ئاوهەوا...).

-**گۆی زەوی:**بەکاردێت بۆ وێناکردنی دیاردە جوگرافیەکانی پەرتووکەکە وەک( ئاوەکان،وشکانی)

-**مۆدێل ونموونەکان:**بەشێوەیەکی جۆراوجۆرن وەک نموونەی خاکی گونجاوبۆ کشتوکاڵ.

**–ڤیدیۆیی زانستی**: بۆ ڕوونکردنەوەی زانستی دیاردەیەکیان بە دەنگی یان دەنگی وبینراوبێت.

**–تەختەڕەش**:زۆرترین بەکارهێنانی هەیە کە قوتابی بەشدارەوزانیاری ونەخشەی لەسەردروست دەکات.

**–فلیمی پەروەردەی**:بەیەکێک لە ئامرازە نوێیەکان دادەنرێت کەوروژێنەرو سەرنج ڕاکێشە.

**سێیەم: ژینگەی پۆڵ ناوخۆیی ودەرەکی:** گرنگی وبایەخ دان بەژینگە بەشێوەیەکی گشتی وژینگەی خوێندنگەبەشێوەیەکی تایبەتی مۆرکی کلتوروتاکەکەنی پێوەدیارە،بۆیەڕەچاوکردنی لەناوپرۆگرامی خوێندن وکارکردن بۆی پێگەکاندنی تاکێکی گونجاوتەندروست دێتە بەرهەم کەدوو لایەنەیە وەک:

**١–پێداویستیە ناوخۆییەکانی ژینگەکەپەیوەندی بەقوتانیانەوەهەیەڕەچاوبکرێت لەناوپرۆگرام داوەک:**

–حەزووئارەزووی قوتابیان بۆ بابەتەکە توانای وەرگرتنیان لە بابەتەکەدا.

–توانای دروستبوونی پاڵنەرلەڕووی دانانی پرۆگرامداجێ بەجێکردنی لە ژینگەی پۆڵ.

–ڕەچاوکردنی باری دەروونی وجستەیی قوتابیان سەرنج ڕاکێشان .(الدغشی،٢٠١٣:لا٢١)

**٢–پێداویستیە دەرەکییەکانی ژینگەی پۆل لەناوپرۆگرام دیارییکرێت وەک:**

–فەلسەفەی کۆمەڵگە یارمەتیدەرە بۆ گونجاندنی پەیوەندی مامۆستاوقوتابی لەژینگەی پۆلدا.

–دابینکردنی لایەنی مادیی بۆپێداویستیەکانی قوتابخانەوەک ژینگەی پۆل (کورسی،ڕووناکی،گەرمی،.

–چالاکیەکانی قوتابخانە دیاریکردنی بۆنەکانی قوتابخانە کە دەربڕینی خۆشی وپاڵنەری فێربوونە.

–شێوازەکانی کۆنترۆڵکردن وبەڕێوەبردنی پۆلەکان بەشێوەی یاسایی ستەم لەقوتابیان نەکرێت.

–گرنگی دان بە پەروەردەکارانی ناو قوتابخانە وەک(مامۆستا،کارمەندەکان). (الشلبی،٢٠٠٠:لا٣١).

**پێداویستیە ناوخۆییەکان ودەرەکییەکانی ژینگەکە لە ناو پرۆگرام دا بێت لەم توێژینەوەیەدا:**

-ژینگەی ناوخۆی پۆل:بەشێوەیەک بێت کە گونجاوبێت لەڕووی ساردی وگەرمی ڕوناکی وە، هەروەها گونجاوبیت بۆخستنەڕووی زانیارییەکان وبەشداریکردنی قوتابیان لە چالاکی گروپات دا.

-ژینگەی دەرەکی:بەشێوەیەکی گونجاو دیزاینکرابێت کە تونای ژمارەیەکی زۆری هەبێت ،ئامادەکردنی ژووری تایبەت بۆ وتنەوەی بابەتی جوگرافیاوبەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن.

**چوارەم: تایبەت بەهەڵسەنگاندن:** هەڵسەنگاندن چەندین تایبەتمەندی دەگرێتەولەناوپرۆگرامدا وەک:

١-بەردەوام بوون: بەهۆی گۆرانکارییە نوێیەکانەوە بەردەوام هەڵسەنگاندن بۆناوەڕک بکرێت.

٢-گشتگیری:ناوەڕۆکی پرۆگرام پێکدێت لە مامۆستا،قوتابی،ئامراز،ڕێگە.....،هەڵسەنگاندنی بۆبکرێت.

٣-دەستنیشانکردن وچارەسەرکردن: خاڵی بەهێزولاوازوچارەسەرکردنیان. .(القانی.٢٠١٣: لا٤٣)

**پێداویستیە پرۆسەی هەڵسەنگاندن  لە ناو پرۆگرام دا بێت لەم توێژینەوەیەدا دووجۆرا:**

**-هەڵسەنگاندنی ماوەکورت:**مامۆستا دوای تەواوبوونی هەروانەیەک لەپلانەکەیدا ئامادەی دەکات.

**-هەڵسەنگاندنی ماوەدرێژ:**بۆ ئەوەی پرۆگرام بەردەوام بێ لەکۆتایی وەرزیان ساڵ ئەنجامدەدرێت.

**202.توێژینەوەکانی پێشوو:** بەوشێوەی کەلە خشتەی ژمارە(2-1)داخراوەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە(2-1)**

| ناوی باپیر | ساڵ شوێن | کۆمەڵگە نموونە | ئامرازی توێژینەوە | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| **١-پێداویستیەکانی پەرەپێدانی بابەتی بنیاتنانی پرۆگرام لەڕوانگەی قوتابیان وئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لەزانکۆی ملیک فیصل.** | | | | |
| الجعفری مهند | ٢٠١٨ لەزانکۆی | کۆمەڵگەو نموونە | ئامادەکردنی ڕاپرسی | ڕۆڵی مامۆستایان وقوتابیان لە دانانی پرۆگرام بە گرنگ دادەنرێت چونکەپێکهاتەو جێ بەجێکردن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| عبداللطيف | مليك فيصل | (٢٠)مامۆستا (٥٧)قوتابی نێرومێ | پێداویستیەکان ی پرۆگرام | و،بەوەرگرتنی پرۆگرام دادەنرێن. |
| **2- پێداویستیەکانی پەرەپێدانی پرۆگرامی وانەوتنەوەی زانست وکتێبخانەی زانیاری لەبەر ڕۆشنایی پەرەپێدانی پێداویستیەکانی کارە لەڕونگەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە ودەرچوەکانیان لەزانکۆی ئەردەن** | | | | |
| الرزاق،لمی فاخر،كليب، فصل جميل | ٢٠١٧ لەزانکۆی ئەردەن | کۆمەڵگەو نموونە (١٠٦) مامۆستای نێرومێ | ئامادەکرد نی راپرسی پێداویستیە کانی پرۆگرام | پەرەپێدانی پرۆگرامەکان ودەرخستنی توانای مامۆستایان ودەرچووەکان وادەکات کارەکانیان بەباشترین شێوەبەرێوەببەن، وەنەبوونی پرۆگرامی گونجاوئاستەنگی فێربوونەبۆمامۆستایان سدەرچووەکانیان. |
| **3- پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لە روانگەی مامۆستایانەوە لە قوتابخانە کانی ناوە ندی پارێزگای بە صرە .** | | | | |
| محی، مائدە مراد وجبر،ندیە خلف | ٢٠١٧ زانکۆی بەصرە | کۆمەڵگەو نموونە (١٠٠) مامۆستای نێرومێ | ئامادەکر دنی راپرسی پێداویس تیەکانی پرۆگرام | هاندانی مامۆستایانی خوێندنی ناوەندی لەرێگەی خولی راهێنانەوە پابەندبن بە هەموو ئەو شتانەی کە لە پسپۆری داهەیە بۆ ئەوەی بتوانن نەوەیەکی بەتوانای پێشکەوتن ئامادە بکەن لەگەڵ پێشکەوتینی زۆرەی تەکنەلۆژیا، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و رووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە. |

**٢٠٣سوودبینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:** سوودی وەرگرتووە توێژینەوەکانی پێشووەک

١-بەمەستی دیاریکردنی پێداویستیەکانی پرۆگرام لە خستنەرووی توێژینەوەکەدا.

٢-بەمەبەستی هەڵبژاردنی تەوەرو برگەکانی راپرسی توێژینەوەکە.

٣-بۆ دارشتنی کێشەی،بەمەبەستی دۆزینەوەی راستێتی وجێگیری"ئامرازەکە.

## بەشی سێیەم:

### ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە:

**١.٣ میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەدا بە پێی سروشت و ئامانجەکانی توێژینەوەکە، وەگەران بەسەرچاوەکانی پێشوو توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێنراوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

**٢.٣ ٠ کۆمەڵگای توێژینەوە :** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتبوو لەسەرجەم مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری سلێمانی لەهەردوو ڕەگەزی (نێرو مێ)،سەر بە هەردوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ،کە ژمارەیان بە گشتی(٣٠٩ ) مامۆستایی جوگرافیایە، ، وە بەو شێوەیەی کە لە خشتەی(٣-١) دا خراوەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە(3–١)کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| ڕەگەز / بەڕێوبەرایەتی | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | 68 | 138 | 206 |
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | 36 | 67 | 103 |
| کۆی گشتی | 104 | 205 | 309 |

**٣.٣ ٠ نمونەی توێژینەوەکە:** بەمەبەستی هەڵبژاردنی نموونەی مامۆستایان بە شێوەیەک کە زۆربەی شوێنە جوگرافیاکان لە خۆبگرێت وە بەپێی توانای توێژەر ،بۆیە پەنای بردە بەر هەڵبژاردنی نمونەیەک لە خوێندنگاکانی هەر دوو بەڕێوبەرایەتیەکەدا ئەو قوتابخانانە لە هەر یەک لەو دوو بەڕێوبەرایەتییەکە،نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (40) مامۆستا بەشێوەی هەرەمەکی سادەکە(٢٠)مامۆستا لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و(٢٠)مامۆستا لەبەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ دیاریکردوە،و لەبەر ئەوەی لەهەر قوتابخانە یەک (1) مامۆستای جوگرافیا هەڵدەبژێردرێت بۆیە لە و قوتابخانەی کە ژمارەیان زیاتر لە

(1)مامۆستای جوگرافیای تێدایە تەنها یەک مامۆستا هەڵبژێردراوە بۆ هەردوو بەڕێوبەرایەتییەکە،هەروەک لەخشتەی( 3-2) دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە(3-٢)نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| ڕەگەز / بەڕێوبەرایەتی | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | 11 | 9 | 20 |
| پەروەردەی ڕۆژهەلات | 8 | 12 | 20 |
| کۆی گشتی | 19 | 21 | 40 |

**٤.٣. ئامرازی توێژینەوەکە :**

**١.٣.٤.هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە** :توێژەر هەستاوە بە ئامادەکردنی ئامرازی بەپێی خوێندنەوەی بۆتوێژینەوەکانی پێشوو،توێژینەوەکەی بەپێی سروشت وئامانجی توێژینەوەکە لەجۆری ڕاپرسی کراوە ئامادەکرد کە خۆی لە چوار تەوەری سەرەکی و (35)برگەدا دەبینیەوە بەم شێوەی خوارەوە:

تەوەری یەکەم: برگەکانی تایبەت بە ناوەڕۆکی زانستی(پرۆگرام).( 10) برگە.

تەوەری دووەم:ئامرازە فێرکارییەکان.(١٠)برگە.

تەوەری سێیەم: ژینگەی پۆل (٧ )برگە. لەبەرواری

تەوەری چوارەم: تایبەت بەهەڵسەنگاندن ( ٨)برگە.

**٢.٣.٤.ڕاستێتی ئامرازەکە:** توێژەربەمەبەستی ڕاستێتی ئامرازەکە خستیەبەردەستی ژمارەیەک پسپۆری شارەزاکە ژمارەیان(٧)شارەزایەلە بوارەکانی( جوگرافیا،ڕێگاکانی وانەووتنەوە، پێوانە وهەڵسەنگاندن)، وە ئاماژەکردن

بەڕەهەندی وەڵامدانەوەی( بەهێزە،تارادەیەک ، لاوازە) لەپاش تەواوبوون کۆکردنەوەی کۆدەنگی شارەزایان بەڕێژەی(٧٨٪) دۆزرایەوە،هەر(٣٥)برگەکە بەگونجاودانران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

**٣.٣.٤.جێگیری ئامرازەکە:** توێژەر بۆدۆزینەوەی جێگیری نموونەیەکی سەرەتایی ئەنجامداراوە بۆ(5)مامۆستا بەدەر لە نموونەی توێژینەوەکە،کە شێوازی دووبارەتاقیکردنەوەی بەکارهێناوە واتە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم لەبەرواری (٢٠٢٤/١/٨) جێبەجێکراوە،پاشان دووبارە تاقیکردنەوەی دووەم دوای دووهەفتە لەبەرواری (٢٠٢٤/١/٢٥ لەتاقیکردنەوەی یەکەم ئەنجامی دایەوە بەسەرهەمان مامۆستایان لەهەمان قوتابخانە دا،پاش تەواوکردنی تاقیکردنەوە وەهەڵەچنیکردنی وەڵامەکان هاوکێشەی پێرسۆنی بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی کە بەڕێژەیی(٨٠%)بەگونجاودانراوە.

**0503جێ بەجێکردنی توێژینەوەکە:** توێژەر هەستاوە بەجێ بە جێکردنی توێژینەوەکەی

لەبەرواری (٢٠٢٤/٢/١١ )بۆ هەردوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوای ناوەندی پارێزگای سلێمانی بەلایەنی کەمەوە ڕۆژی دوو قوتابخانە سەردانی دەکرد بۆئەنجامدانی توێژینەوەکەی.

**3 060ئامرازە ئامارییەکان:**

1-هاوکۆلکەی ئاماریی (پێرسۆن) بۆ دۆزینەوەی جێگیری ئامانجەکان.

٢-ناوەندی شیاو: بۆشیکردنەوەو جێ بەجێکردنی برگەکانی توێژینەوەکە:

٣-هاوکێشەی ڕێژەی سەدی: بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی برگەکانی ئامرازەکە.

**بەشی چوارەم: 4 010 خستەڕوو شیکردنەوەی ئەنجامەکان**

1- بۆ دەرهێنانی ناوەندی شیاوی برگەکان توێژەر وەڵامە دوبارەکانی لە برگەیەکیان لە برگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکەیان بەپێی ڕەهەندە دانراوەکان (بەهێز، تارادەیەک بەهێز، لاواز) ئەژمارکردووە بۆ ئەژمارکردنی ئەم نرخانەش بە ڕەهەندی یەکەم (سێ) نمرە دانراوە، بۆیە ڕەهەندی دووەم (دوو) نمرە دانراوە و بە ڕەهەندی سێیەم (یەک) نمرە دانراوە.

2- ناوەندی ژمێری پێوەری سێ ڕەهەندییەکە دادەنرێت بە (2)، کە پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بەهێز و لاوازی بڕگەکان، هەر بڕگەیەک ناوەندی شیاوەکەی (2) یان زیاتر بوو، ئەوا واتایی لایەنی بەهێزی تەوەرەکانی ئامرازەکە نیشاندەدات ئەگەر (2) کەمتر بوو، واتە لایەنی لاوازی تەوەرەکان نیشاندەدات.

3- توێژەر پێی باشبوو شیکردنەوە بۆ برگەکان( لاواز،لاوازتر،لەهەموویان لاوازتر)دیاریکردووە ، بەپێی ئەنجامە بەدەست هاتووەکان.

**تەوەری یەکەم:بڕگەکانی تایبەت بە ناوەڕۆکی زانستی پڕۆگرامەکان:**

خشتەی ژمارە (4-1)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلە بەندی بۆ بڕگەکانی تایبەت بە ناوەڕۆکی زانستی

| ژ | بڕگەکان | بەهێزە | تارادەیەک بەهێزە | لاوازە | کۆی گشتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دیاریکردنی لایەنی تیۆری وپراکتیکی ناوەڕۆکە | ٣٠ | 7 | 3 | 40 | 2.67 | %89 | 3 |
| 2 | ستراتیجی نوێ وڕێگەکانی وانەوتنەوەی تایبەت بە ناوەڕۆکی بابەتەکە دانراوە. | ٣٢ | ٦ | ٢ | ٤٠ | 2.75 | %91 | 2 |
| 3 | ناونیشانی بابەتەکان گونجاوە بۆ هەریەک لەبابەتەکان. | ٢٢ | 16 | 2 | 40 | 2.5 | %83 | 7 |
| .4 | دابەشکردنی بەشەکان بۆ یەکەکان تایبەت بە ناوەڕۆکی هەروانەیەک. | ٢٨ | ٩ | ٣ | ٤٠ | 2.62 | %87 | 4 |
| .5 | هەڵبژاردنی چالاکیەکانی جۆراو جۆر و سەرنج ڕاکێش تایبەت بەهەر وانەیەک. | ٦ | ١١ | ٢٣ | ٤٠ | 1.57 | ٪ 5٢ | ٩ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 6. | دەستیشانکردنی ئامانجە فێرکارییە جیاوازەکان کراو. | 25 | 12 | 3 | ٤٠ | 2.55 | ٪ 83 | 6 |
| ٧. | گونجاوە لەگەڵ ئاستی توانای قوتابیان دا. | ٦ | 11 | 23 | 40 | 1.57 | ٪ 52 | ٩ |
| ٨. | بابەتەکان بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دیزاین کراوە | 27 | 10 | 3 | 40 | 2.6 | %86 | 5 |
| ٩. | دانانی وێنەو نەخشەی فێرکاری لەناوەڕۆکی هەروانەیەک | ٢٢ | ١٦ | ٢ | ٤٠ | ٢,5 | %8٣ | 7 |
| ١٠ | دیاریکردنی ڕەگەزەکانی پلان دانان لەهەروانەیەکدا. | ٣٤ | 6 | 0 | 40 | 2.85 | %95 | 1 |

**بەپێی ئەو زانیارییە ئامارییانەی کە لە خشتەی (4-1) هاتووە**

، تەوەی یەکەم سەبارەت بە پێداویستی ناوەڕۆکی پەرتووکی خوێندن، کەپێکهاتووەلە (١٠)برگە، نموونەی بەشداربوان کۆدەنگن لەسەرلاوازی برگەکان وەک برگەی(٦) بریتییەلە(دەستیشانکردنی ئامانجە فێرکارییە جیاوازەکان کراو.) بەرێژەی ناوەندی شیاوی (2.5٥)وە کێشی سەدی( ٨٣%)بەپلەی(٦)دیاریکراوەکە بە(لاواز)دانراوە، هەروەهابرگەکانی (٣،٩)بریتیە لە(ناونیشانی بابەتەکان گونجاوە بۆ هەریەک لەبابەتەکان.)وە(دانانی وێنەو نەخشەی فێرکاری لەناوەڕۆکی هەروانەیەک) بەرێژەی ناوەندی شیاوی (٢.٥)وە کێشی سەدی( ٨٣%)بەپلەی(٧)دیاریکراوەکە (بەلاوازتر)دانراوە،وە برگەی(٥) بریتیە لە(هەڵبژاردنی چالاکیەکانی جۆراو جۆر و سەرنج ڕاکێش تایبەت بەهەر وانەیەک.) بەرێژەی ناوەندی شیاوی (1.5٧)وە کێشی سەدی( ٥٢%)بەپلەی(٩)دیاریکراوەکە بە(لەهەموویان لاوازتر) دانراوە، لە کۆی پلەکانی دیکە ئاماژەبە بەنەبوونی چالاکی جۆراوجۆر دەکات کە بەهۆیی کەمی لەناوەڕۆکی پەرتووکەکەدا،ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت بەباتەکان بەشیوەیەکی دروست نەگاتە قوتانیان بەپیی پلانێکی دیاریکراوی پێشوەختە، کە دیاریکردنی چالاکییەکان لەپرۆگرامی خوێندندا سیستەمێکە بەشێوەیەک بێت کە گونجاوبێت لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان دا،لەچەندین ڕەگەز وبنەمای گرنگ

پێکهاتووە کەگرنگ لەجێ بەجێکردن و وانەکان قوتابیان پاڵنەریان بۆزیاد دەبێت وکەمتر بیریان دەچێتەوە زیاتر بابەتەکەسەرنج ڕاکێش تردەبێت ئارەزووی فێربوونیان زیاد دەکات..(عزیز،٢٠١٩:لا٣٠).

**تەوەری دووەم:برگەکانی تایبەت بە ئامرازە فێرکارییەکان:**

خشتەی ژمارە (4-٢)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلە بەندی بۆ ئامرازە فێرکارییەکان

| ژ | برگەکان | بەهێزە | تارادەیەک | لاوازە | کۆی گشتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئامرازەکانی فێرکاری گونجاوبێت لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتەکەدا. | 22 | 16 | 2 | 40 | 2.5 | %8٣ | 5 |
| 2 | بەشێوازێکی جۆراوجۆروسەرنج ڕاکێش بن. | 20 | 18 | 2 | 40 | 2.45 | %81 | 6 |
| 3 | دیاریکردنی سنوری جوگرافیای شوێنەکان بەشێوەیەکی دروستە. | 6 | 11 | 23 | 40 | 1.57 | ٪ 52 | 9 |
| 4 | قوتابیان توانایی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکاریان هەبێت. | ١٨ | 20 | 2 | 40 | 2.4 | ٪ 80 | 7 |
| 5 | تایبەت بن بەئامرازوتەکنەلۆجیایی نوێ وسەردەمیانە. | ٣٤ | 5 | 0 | 40 | 2.8 | %93 | 1 |
| 6 | نەخشەکان بەشێوەیەک دانراون کەلەگەڵ ئامانجی وانەکە بەدی بهێنرێت. | ٢٧ | ١٠ | ٣ | ٤٠ | 2.6 | %86 | 4 |
| 7 | نەخشەکان بەشێوەیەک لەگەڵ ئاست وتوانای قوتابیان دا گونجاوە | ٩ | ١٥ | ١٦ | ٤٠ | 1.82 | ٪ 60 | 8 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 8 | سوود بەخشن بۆ گەیاندنی زانیارییەکان بە بیری ڕەخنەگرانە. | 28 | 9 | 3 | ٤٠ | 2.62 | ٪ 87 | 3 |
| 9 | هەبوونی شوێنی گونجاوبۆ هەڵگرتن و پاراستنیان. | ٣٢ | 6 | 2 | 40 | 2.75 | %91 | 2 |
| 10 | ئامڕازەکان بەشێوەیەکە کات وماندووبوونی مامۆستاکەم بکاتەوە. | 22 | 16 | 2 | 40 | 2.5 | ٪ 83 | 5 |

**بەپێی ئەو زانیارییە ئامارییانەی کە لە خشتەی (4-٢)**

هاتووە،تەوەری دووەم سەبارەت بە ئامڕازە فێرکارییەکان، پێکهاتووە لە (١٠)برگە،نموونەی بەشداربوان کۆدەنگن لەسەر لاوازی برگەکان،

وەک برگەی(٤) بریتیەلە(قوتابیان توانایی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکاریان هەبێت.) بەڕێژەی ناوەندی شیاوی (٢،٤)وە کێشی سەدی( ٨٠%)بەپلەی(٧)دیاریکراوەکە بە(لاواز)دانراوە، هەروەهابرگەی (٧)بریتیە لە(نەخشەکان بەشێوەیەک لەگەڵ ئاست وتوانای قوتابیان دا گونجاوە) بەڕێژەی ناوەندی شیاوی (١،٨٢)وە کێشی سەدی( ٦٠%)بەپلەی(٨)دیاریکراوەکە (بەلاوازتر)دانراوە،وە برگەی(٣) بریتیە لە(دیاریکردنی سنوری جوگرافیای شوێنەکان بەشێوەیەکی دروستە.) بەڕێژەی ناوەندی شیاوی (1.5٧)وە کێشی سەدی( ٥٢%)بەپلەی(٩)دیاریکراوەکە بە(لەهەموویان لاوازتر)، لەسەرهەبوونی کەمی دیاریکردنی سنوری جوگرافیای شوێنەکان بەشێوەیەکی دروستە لەپەرتووکی خوێندنابەجۆرێک کەبەکەمترین پلەیەلەکۆی پلەکانی دیکە ئاماژەبە دیاریکردنی سنوری جوگرافیای شوێنەکان بەشێوەیەکی دروستە.زانیارییەکان لەناوەڕۆکی پەرتووکی خوێندن دا ئەمەش وادەکای خوێندکارکەمترلەبابەتەکە تێبگات وسەرنج ڕکێش نەبێت زووتربیری بچێتەوە لەکاتی خستنەڕووی وانەکە لەلایەن مامۆستاوە هەست بەبێزاری دەکەن،کەئاشنایی سنوری جوگرافیایی دەوروبەری نەبێت کاریگەری ئەرێنی دەکەنەسەر ئاستی فێربوون، کە پەروەردەکاران کۆکن لەسەرئەوەی زیاترلەهەستەوەرێک بێت فێربوونی زیاتروبیرکردنەوەی زیاترمسۆگەردەکات،دروستکردنی بونیادی معریفی وئارەزووی دەکات هەروەهاخوێندنگەدەبێتەپێگەیەک بۆگەشەی هەمەلایەنی قوتابیان .(سیوەیلی،٢٠١٩:ل١٤٨).


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**تەوەری سێیەم:بڕگەکانی تایبەت بە ژینگەی پۆل:**

خشتەی ژمارە (4-٣)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلە بەندی بۆ ژینگەی پۆل

| ژ | بڕگەکان | بەهێزە | تاڕادەیەک بەهێزە | لاوازە | کۆی گشتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەشێوەیەکی گونجاوبێت بۆپڕۆسەی فێرکاری فێربوون لەلایەنی ساردی وگەرمی پۆلەوە. | ٦ | ١١ | ٢٣ | ٤٠ | 1.57 | ٪ 52 | 7 |
| 2 | دیزاینی ژینگەی پۆل بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش بێت لەکاتی ووتنەوەی وانەدا. | ٣٠ | ٧ | ٣ | ٤٠ | 2.67 | %89 | 1 |
| 3 | گونجاوی ژینگەی فێرکاری لەگەڵ شێوازی دانیشتنی قوتابیان لەپۆلدا. | 27 | 10 | ٣ | ٤٠ | 2.6 | %86 | 3 |
| 4 | ئامادەکردنی تەکنەلۆجیاوئامرازەکانی فێرکاری لەژینگەی پۆل دا. | ٢٣ | ١٤ | ٣ | ٤٠ | 2.5 | ٪ 83 | 5 |
| 5 | دابینکردنی لایەنی مادی ومەعنەوی بۆپڕۆسەی فێرکردن لە ژینگەی خوێندندا. | ٢5 | ١1 | ٤ | ٤٠ | 2.52 | ٪ 84 | 4 |
| 6 | بەشێوەیەک بێت قوتابیان بەشداربن لەژینگەی پۆل دا بەشێوازی گرووپات. | ٩ | ١٥ | ١٦ | ٤٠ | 1.82 | ٪ 60 | 6 |
| 7 | چالاکی جۆراوجۆری تایبەت بە بۆنە کۆمەڵایەتی ونیشتیمانی تێدا ئەنجام بدرێت. | ٢٦ | ١٣ | ١ | ٤٠ | 2.62 | %8٧ | 2 |


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**بەپێی ئەو زانیارییە ئامارییانەی کە لە خشتەی (4-٣) هاتووە،**

تەوەری سێیەم سەبارەت بە ژینگەی پۆل ، پێکهاتووە لە (٧)برگە،نموونەی بەشداربوان کۆدەنگن لەسەر لاوازی برگەکان، وەک برگەی(٤) بریتیەلە(ئامادەکردنی تەکنەلۆجیاوئامرازەکانی فێرکاری لەژینگەی پۆل دا..) بەرێژەی ناوەندی شیاوی (٢،٥)وە کێشی سەدی( ٨٣%)بەپلەی(٥)دیاریکراوەکە بە(لاواز)دانراوە، هەروەهابرگەی (٦)بریتیە لە(بەشێوەیەک بێت قوتابیان بەشداربن لەژینگەی پۆل دا بەشێوازی گروپات.) بەرێژەی ناوەندی شیاوی (١،٨٢)وە کێشی سەدی( ٦٠%)بەپلەی(٦)دیاریکراوەکە (بەلاوازتر)دانراوە،وە برگەی(١) بریتیە لە(بەشێوەیەکی گونجاوبێت بۆپرۆسەی فێرکاری فێربوون لەلایەنی ساردی وگەرمی پۆلەوە.) بەرێژەی ناوەندی شیاوی (1.5٧)وە کێشی سەدی( ٥٢%)بەپلەی(٧)دیاریکراوەکە بە(لەهەموویان لاوازتر)، لەسەرهەبوونی کەمی پێداویستی ژینگەی پۆل لە پەرتووکی خوێندنداپەجۆرێک بەنەگونجاندنی ژینگەی پۆل لەکاتی وانەوتنەوەدا نەشیاوی کەشێکی ساردیی وگەرمی لەناوپۆلدا ئەمەش وادەکات هەست بە ئاسودەیی نەکەن،ژینگەی پۆل بەپێی کەش وهەوای گونجاوی وەرزەکان نییە کە قوتابیان سەرمایان دەبێت یاخودگەرمایانا،وادەکات خێرا بابەتەکەیان بخوێنن وبڕۆکەوە ئەمەش بۆ ژینگەیەکی داهێنەرانە ئاستەمە کە قوتابیان کەش وهەوایەکی لەباریان نەبێت،لە ژینگەی پۆل مامۆستا لەپۆلدا ئەنجامیان دەدات لەدابینکردنی هەلومەرجی لەباربۆچالاکییەکانی فێرکردن وهێنانەدی ئامانجەکان ڕەخساندنی کەشیکی ئارام ویارمەتی دورەبۆسەرنج ڕاکێشانی زیاتربۆبابەتە ڕادەی دەربڕینی متمانە بەخۆبوون وبیرکردنەوەی زیاتردەبێت.(ڕەسول،٢٠١٤:لا٥٤)

**تەوەری چوارەم:برگەکانی تایبەت بەهەڵسەنگاندن :**

خشتەی ژمارە (4-٤)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلە بەندی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندن

| ژ | برگەکان | بەهێزە | تاڕادەیەک بەهێزە | لاوازە | کۆی گشتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پرسیارەکان بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێشن. | 27 | ١٠ | ٣ | ٤٠ | 2.6 | %86 | 4 |
| 2 | پەیوەندیان بە ئامانجەکانی بابەتەکەوەهەبێت. | ٢٢ | ١٤ | ٤ | ٤٠ | ٢.٤٥ | ٪ 81 | 6 |
| 3 | بەشێوەیەکی جۆراوجۆرن بۆپێداچوونەوەی ناوەڕۆکی هەروانەیەک. | ٣٢ | ٦ | ٢ | ٤٠ | 2.23 | %74 | 1 |
| 4 | ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی نێوان قوتابیان دەکات. | ٣٠ | 7 | 3 | ٤٠ | 2.67 | %89 | 2 |
| 5 | دەبێتە هۆی پاڵنەری فێربوون لەنێوان قوتابیاندا. | ٢٧ | ١١ | ٢ | ٤٠ | 2.62 | %87 | 3 |
| 6 | هەڵسەنگاندنەکە بۆ دەرخستنی ئاستی توانای قوتابیانە لەهەر وانەیەک دا. | ٦ | ١١ | ٢٣ | ٤٠ | 1.57 | ٪ 52 | 7 |
| 7 | دەبێتەهۆی زیادبوونی دەسکەوتی فێربوون. | ٢٤ | ١٢ | ٤ | ٤٠ | 2.5 | ٪ 83 | 5 |
| 8 | دابینکردنی کاتی گونجاوبۆهەڵسەنگاندنی هەروانەیەک. | ٣٢ | ٦ | ٢ | ٤٠ | 2.75 | %9١ | 1 |

**بەپێی ئەو زانیارییە ئامارییانەی کە لە خشتەی (4-4) هاتووە،**

تەوەری چوارەم سەبارەت بە هەڵسەنگاندن ، پێکهاتووە لە (٨)برگە،نموونەی بەشداربوان کۆدەنگن لەسەرهەبوونی

لەسەر لاوازی برگەکان، وەک برگەی(٧) بریتیەلە(دەبێتەهۆی زیادبوونی دەسکەوتی فێربوون.) بەڕێژەی ناوەندی شیاوی (٢،٥)وە کێشی سەدی( ٨٣%)بەپلەی(٥)دیاریکراوەکە بە(لاواز)دانراوە، هەروەهابرگەی (٢)بریتیە لە(پەیوەندیان بە ئامانجەکانی بابەتەکەوەهەبێت.) بەڕێژەی ناوەندی شیاوی (٢،٤٥)وە کێشی سەدی(٨١%)بەپلەی(٦)دیاریکراوەکە (بەلاوازتر)دانراوە،وە برگەی(٦) بریتیە لە(هەڵسەنگاندنەکە بۆ دەرخستنی ئاستی توانای قوتابیانە لەهەر وانەیەک دا.) بەڕێژەی ناوەندی شیاوی (1.5٧)وە کێشی سەدی( ٥٢%)بەپلەی(٧)دیاریکراوەکە بە(لەهەموویان لاوازتر)،

کەمی پێداویستی هەڵسەنگاندن لە پەرتووکی کەبەکەمترین پلەیەلەکۆی پلەکانی دیکە ئاماژەبە بەنەگونجاندنی هەڵسەنگاندن ،کە ئەنجام نەدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن وادەکات دەسکەوتی خوێندن لە ئاستێکی لاوازدا بێت چونکەنازانرێت تاچەند قوتابیان لەبابەتەکە تێگەیشتن وتاچەند ئامانجی بابەتەکە بەدی هاتووە،وە پرۆسەی هەڵسەنگاندن وەک پێویستی سەرەکی دیاری نەکراوە لەناوەرۆکی پرتووکی خوێندندا،بۆیە هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی بەردەوامە یارمەتی دەری گەشەی زانستی قوتابیانەلەڕووی (جەستەی،دەروونی،ڕەفتاری،سۆزداری..)هەروەهارۆڵ وکارامەیی قوتابیان چالاکی قوتابیان دەردەخات،خاڵەبەهێزولاوازەکان دەردەخات وچارەسەریان دەکات، بۆدیاریکردنی یامانجەکانی پرۆسەی فێرکاری فێربوون،بەبەردەوامی کاردەکات بۆ دابینکردنی پێداویستیەگرنگەکانی پرۆگرام ڕێگاوشێوازی وانەوتنەوەوگەشەپێدانیان. (قادر،٢٠١٦:لا٣٠)

**بەشی پێنجەم: دەرئەنجام-پێشنیاز-ڕاسپاردەکان:**

**١٠٥٠دەرئەنجام:**

١-نەبوونی پێداویستییەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە بنەرەتیەکان سەبارەت بەناوەڕۆکی پرۆگرامەکە بەرێژەی (٢،٨٥)نەبوونی پێداویستی ڕەگەزەکانی پلاندانان.

٢-کەمی پێداویستییەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە بنەرەتیەکان سەبارەت لە ئامرازافێرکارییەکان نەگونجاندن وتەکنەلۆجیای نوێ بەرێژەی(٢،٨٥).

٣-نەگونجاوی پێداویستییەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە بنەرەتیەکان سەبارەت بەژینگەی پۆل نەشیاوی دانیشتنی قوتابیان کەهەست بەئاسودەی نەکەن بەرێژەی(2,67)

٤- لاوازی پێداویستییەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە بنەرەتیەکان سەبارەت هەڵسەنگاندن کەخوێندکارەکان ئاستی تێگەیشتنیان لاوازبەهۆی بەدوادانەچوونیان.(٢،٧٥)

**5 ٠٢٠ڕاسپاردەکان:**

1- وەزارەتی پەروەردە پێداچوونەوە  بە پرۆگرامی بابەتی کۆمەڵایەتیەکان بکرێت سەبارەت بە دابینکردنی پێداویستیەکانی  ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن چارەسەر بکرێت.

٢-پێداچوونەوەی تەواوی وێنە فێرکاریەکان و نەخشەکانی ناو پەرتوکەکە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا بەئاستێکی بەرز لەم بوارەدا.کەبگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆک وئاستی قوتابیاندا،

٣-مامۆستاڕێگەو جۆراوجۆرو ژینگەی پۆلی گونجاودابین بکرێت بەپێداویستی مادی ومەعنەوی.

**5 30 0پێشنیازەکان:** بەمەبەستی  ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی دیکە بەم شێوەی خوارەوە:

1- دیاریکردنی پێداویستیەکانی پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بەشی (جوگرافیا)یی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی بەڕێوبەری خوێندنگەوە.

٢- دیاریکردنی پێداویستیەکانی پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بەشی (جوگرافیا)یی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیەوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**<u>سەرچاوەکان بە زمانی کوردیی:</u>**


-رەسول، رسول ابراهیم (2014): **دەروازەیەک بۆ وانەووتنەوە**،چ1،چاپخانەی نارین،هەولێر.

-سیوەیلی، ئیدریس (٢٠١٩): **مامۆستاوکارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو**،چ٣،سلێمانی.

-عزیز، کریم احمد (٢٠١٩): **پرۆگرامی پەروەردەی پرۆگرام وشیکردنەوەی کتێب**،چ١،هەولێر.

-قادر،ڕەمەزان حمەامین(201٦): **ڕێگاکانی وانەوتنەوە شێوازە تیۆری وپراکتیکیەکان**، چ٢، سلێمانی.

-قەرەنی، ئەحمەد محمد (200٥): **ئاسۆی پەروەردەی**، ژ 72، هەولێر.

-قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ( 2008 ): **سایکۆلۆجی پەروەردەیی**، چاپخانەی پەیوەند.,

-محمد، حیدر( ٢٠١١ ): **مامۆستای سەرکەوتوو لە کەسایەتی و کاری پیشەیی دا** ، چ1، هەولێر.

-وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق (2001): **کۆنفرانسی کۆنفرانسی پەروەردەی لەرۆژانی (10-11-12-ئەیلولی،(2001)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە**، هەولێر.

**<u>سەرچاوەزمانی عەرەبی:</u>**

-جبر، سليمان محمد وسر الختم عثمان (2013): **اتجاهات حديثة في تدريس المواد الاجتماعية**،

-الجعفري، مهند عبداللطيف (٢٠١٨): **متطلبات تطوير مقرر بناء المناهج من وجهة نظر الطلبة وأعضاء هيئة التدريس في جامعة الملك فيصل**،المجله الدراسات التربوييه،الفلسفيه،ع٤.

-خولي، محمد عمي (2011): **المنيج الدراسي ،الاسس والتصميم والتطوير والتقييم** ، الاردن .

-الدغشي، أحمد (2020): **المناىج التر بوية وتحديات المرحلة مركز الكتاب الاكاديمي**، عمان،

-سعاده، جودەت احمد (٢٠١٤): **المنهج المدرسى لامعاصره.**

-الشبمي، ابراىيم الميدي (2000): **المناهيج ،بناؤها ،تنفيذها ،وتقويمها** ،دار الامل النشر، الاردن.

-الشويش، علي بن شويش (٢٠١٧): **تقنيات المعلومات في خطط الماجستير ألقسام المكتبات والمعلومات بأقسام المكتبات بدول الخليج والواليات المتحدة الامريكية**، الملك فهد الوطنية.

-الصانع، محمد إبراهيم (2013): **الأهداف السلوكية والاختبارات المدرسية**، ط2، اليمن.

-العامرى، عبدالله(٢٠١١): **المعلم الناجح**،ط١،دار اسامه،عمان.

-عبد الرزا، لمى فاخر، كليب، فضل جميل (٢٠١٧): **مدى الحاجة إلى تطوير مناهج تدريس علم المكتبات والمعلومات في ضوء تطورات متطلبات العمل من وجهة نظر أعضاء هيئة التدريس في الجامعات الاردنية وخريجها , كلية العلوم التربوية**، جامعة الزرقاء، الاردن.

-كوجک، كوثر حسين (٢٠٠٤): **اتجاهات الحديث فى المناهج وطرائق التدريس- التطبيقات فى التربيه.**

-اللقانى، احمد حسێن (٢٠٠٢): **المناهج بين لانظريه والتطبيق** ،عالم الكتب.

-محى، مائده مراد وجبر،نديه خلف (٢٠١٧):**تطوير المناهج الدراسية من وجهة نظر المدرسين في مدارس التعليم الثانوي في محافظة البصرة** ,مجلة ابحاث البصرة للعلوم الانسانية العدد ٥

-المقاني ، أحمد حسين (2013)**: المناهج بين النظرية والتطبيق** ، ط٤ ، القاهرة.

-الوكيل، حلمي احمد،ا مين، محمد ( ٢٠١١): **تطوير المناهج** ، القاهرة :مكتبة الانجلو المصرية.

-الوكيل، حممي (2005): **تطوير المنهاج أسبابه " أسسه – أساليبه - خطواته- معوقاته**. القاهرة.